# تووناوتوون


# هەزار بە هەزار

**کەریم دەشتی**

2022

شیعر

* ناوی کتێب : تووناوتوون هەزار بە هەزار
* ناوی شاعیر : کەریم دەشتی
* ژمارەی سپاردن:                هەولێر
* موتیف هونەرمەند جەبار سابیر
* چاپی یەکەم  2022
* ئیمێل karimdashti59@yahoo.com
* ژمارەی مۆبایل 07504512785
* مافی چاپ و بڵاوکردنەوەو کۆپی و وەرگێڕانی یا دووبارە بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە، تەنها مەرجێ کە دەبێ ڕەچاو بکرێت ئەوەیە، نابێ دەسکاری بکرێت، دەنا دەخرێتە ژێر باری یاساییەوە.



## له ستاییشی خەمگینیدا

**کۆمەڵە شیعرێکی خەمگینی سەردەمی خەمگینییە، کە وەك شەرابێکی گرانبەها، لە نێو گوزەی سینەمدا، یادەوەرییەکانیم پاراستبووە، ئەزموونی ژیانی خۆمە و لە ناویا ژیاوم، هەموو شیعرەکانیش ڕەنگدانەوەی کارەسات ئامێزی ڕێگای بە بن نەهاتووی ئازادیین، ئەو ئازادییەی هەتا دێت، لێمان بە دوور دەکەوێتەوە و جەستەی شیعریش، هەتا دێت برینبار دەبێت، لەم ڕێگە دوور و درێژەی ئازادییدا، بەسەرهاتی هیچ ڕستەیێکی شادی ئامێزم پێ نەبوو بۆتان بگێڕمەوە، کاسەی ژیانم چی تیابووە، هەر ئەوەشی لێ ڕژاوە، نووسین کارێکی ئەستەمە، بێ ئەزموونی هەزار ڕەنگی ژیان، بە تایبەت شیعر، کە هونەری ئەستم سازییە، ئەوەی بینیومە، نووسیومە، ئەوەی چەشتوومە، ڕێشتوومە، ئەشزانم هیچ یەك لە ئێوە نییە، کە بەناو هەمان ئەو تەلبەندو ڕێگە دژوار و ناخۆشانەی ژیاندا، تێنەپەڕی بێت، من تا وەکو ئێستێش، تای ئاگرینی ئەو کارەساتانە بەری نەداوم، ڕێگاکانی ئازادیی دژوارن، حەز دەکەم ئەویش بڵێم، کە لە داڕشتنی شیعرەکاندا هەندێ گەمەم بە ڕستەکانەوە کردووەوهەندێ وشەم بە شێوەیەکی مەجازی هەمتا هێناوەتەوە کە تیزکردنە بە باری کارەساتەکان ، ڕەنگە جۆرێك کارکردن بێت لە مەودای ئێستەتیکی دا.**

***

**کەریم دەشتی**

**هەولێر : بەفرانباری 2022**

1

**شینی لێ ئەڕژێ، قەڵەم**
**زێد بە ئاگری خوێن سووتاوە**
**کوژاوەتەوە، بەهای ئینسان**
**خۆڵەمێشی مەفتەنە، داگیرساوە**
**کە بە ناو ئەم دۆزەخەدا ڕەت ئەبووم**
**دانتیم بینی مەست بوو بوو**
**بە تاسەی دووریی فلۆرەنساوە**
**خەونی بە بیاتریسەوە ئەبینی**
**ئەوین و خاك تێکەڵ بە یەك بوو بوون.**

***

ڕێگای فیردەوس بوو، کە تەی کرد،
فیردەوس ڕێگای نیشتیمان بوو، دانتی کوشت.

***

ڕێگاکان

هیچ خۆش نین، ناخۆشن ڕێگاکان، هەموو ڕێگاکان بەسەر جەستەی ئینسان داڕەت ئەبن، ئاوی ڕێگاکان تینوێتیان ئەخواردەوە، **مەولانام** بینی شینی بۆ **شەمس** ئەگێڕا، ئەو ڕێگایانە قامیشەڵان بوون هەڵیانپاچین، کەوتنە ناو مەسنەوییەکانی، ئێستاش هەر ئەگرین، هەموو ڕێگاکان بە گریان بوونەتەوە.

2

**ڕێگا خاڵیە لە ژیان، ژیان پڕە لە ڕێگا**
**دەرگای پەڕینەوە وەك مەل، زنجیر درابوو**
**بەسەر درەختی مەحاڵەوە هەڵکورما بوو**
**باڵەکان لیرەی فڕینییان، زەوت کرابوو**
**هەموو بەهایەك لە ئینسان، سەر بوو**
**کە لە جەستە دابڕابوو**

***

پەڕینەوە لە تەلبەندەکان، هەمژینە لەگەڵ مەرگ
هەمژینە لەگەڵ مەرگ ، پەڕینەوە لە تەلبەندەکان.

***

ئەو ڕێگایانەی ئەچنەوە سەر مەحاڵ، تەنها ئەوان هەن، جگە لەو ڕێگایانە، هیچی تر پشتی زەوی نەبڕیوە، هیچ ڕێگایەکم نەچۆوە سەریانەوە، **نیتشە** لێرەوە بوو گریا گوتی: وەك ئەوە وایەکە دەریا دڵی فراوانی من بێ، ڕێگاش دڵی تەنگی مرۆڤ، مرۆڤی باڵا، کەی دێت نیتشە؟ کەی دێت،؟ ئەو پیاوە بی مانایە.

3

**بۆ ژیان، هیچ ڕستەیەکم نەگرتەبەر**
**ئەوە ڕستە بوون، منیان گرتەبەر**
**پێم شل بوو لە ژیان**
**ژیان شل بووە لە پێم**
**خەم پەکی کەوت، لە من**
**من پەکم کەوت لە خۆم.**

***

ئەوە ڕۆیشتنی من نییە هەڵمئەپێچێ
بەرەو دوور، بەڵکو ڕێگاکانە.

***

هەموو

ڕێگاکان قوقڵ بوون، قوفڵێکی زۆرم شکاند، کلیلێکی زۆرم دروست کرد، کلیلەکانم لێ تیکەڵ بوون، تا یەکێکیانم ئەدۆزییەوە، هەنگاو، پێی بە جێ ئەهێشتم، ڕێگاکان هەزاران هەزار وێنەیان ئەنواند، **حاجی** هاواری کرد هێند، صورەت زۆر بووە، مەعنا لە بەینا ون بووە، ڕێگاکان قوفڵ بوون، ئەیدۆست، نەیانشکێنی ئەتشکێنن.

4

**جودایی کەوتە نێوان چاوم و بینابیم**
**کوێری لەبەری کردم**
**گوێچکەم و بیستن، کەڕیی لە پێی کردم**
**زمان و میتافۆر، لاڵی لە سەر کردم**
**چەند دووریان بردم**
**تا فیراق، ژەهری لە دڵ کردم**
**ڕێگاکان.**

***

ئەوانەی تامی جودابیان کردووە
لە کێڵگەی قامیش نەبێ ناسرەون

***

ڕێگاکان لایەکی ونبوونی تۆیە و لایەکەی تریشی شێتبوونی من، لە ناوەندی ڕێگەکەوە نووسرابوو، ئەم ڕێگەیە بەرەو ئەبەدە ، دڵ بۆ هێندە ئەبەد خوازە؟ ناکاو **هێمن** سەری لە غوربەتی ڕێگا دەرهێنا و نووسی، ئەبەد تێیدا نییە خۆشی، دەمێك مەستی، داخران ڕێگاکان، ئەوەی ئەبەدییەت ئەگروێنێ ، تەنها مەرگە و بەس.

5

**زەنای ڕێ نییە، زەمزەمەی دڵمە**
**ڕژاوەتە ناو سینەی زەوی**
**ئەها گوێ بگرە**
**چۆن لێئەدا، جەستەی زەوی**
**بەرپێی ڕێبوارەکان چەند نەرم و نیانن**
**ئەوە دڵمانە دڵ، جێگۆڕکێیان کردووە**
**لەگەڵ زەوی.**

***

ئەوانەی ڕائەکەن حەشیشەی ئازادی ئەکێشن
وەستاوەکانیش هەناسەی سارد .

***

گلێنە

وێنەکانی ڕێگای شووشتەوە، کەڕیی دەنگەکانی کۆکردەووە ، میتافۆر منی بردەوە سەر گومان، مرۆ لە ناو دڵی ڕێگاکاندا، هەست بە جووڵەییێکی پەنهان ئەکات ، دڵی تەنگی ئینسانە چۆتە قەبەڵ ڕێگا ،غەریبی نیشتیمان ئەکا،هەر بۆیەش **نالی** بۆ ئەو خوارە نەچوو، بێ دڵ، گوتی شەرتە، دڵی کەوتە سەر زەوی غەریبان.

6

**شەوێکی سارد کەوتمە ڕێگایی**
**درێژنەبوو، کورتیش**
**پان نەبوو، خڕیش، بێ شێوەیی**
**شێوەی بوو، ترازام لە مەفتەن**
**بووم بە فڕفڕۆك، ئێستاش هەر ئەسووڕێمەوە**
**شێوەیەك لەخۆم نادۆزمەوە**
**چۆن بگونجێم؟ لەگەڵ بێشێوەیی.**

***

هەمووومان بەیەکەوە ژیان ئەنووسینەوە
بەڵام ژیان بەتەنها خۆی، ئەماننووسێتەوە

***

ڕێگاکان

لە شێوە داشۆراون، سەر، بە سەر جەستەوە بارێکی تووشە، مانەوەی لەسەر شان، پەڕینە، پەڕینی مردنە، سەر، نەترسام ، پاساوەکەی حەللاجم بیرکەوتەوە، کە ئەیانپاچی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، روومەتی، بە خوێنی خۆی سوورکرد، تا نەڵێن ترساوە لە پەلدان، بۆ پەلیاندا؟ ڕێگاکان تێنووی خوێنن، **حەللاج.**

7

**دووان بوون، لە ناو پەیواری ڕێ**

**یەك ئاراستە و پێچەوانەیش**

**نە سەری هەبوو نە خوار**

**نە بنی هەبوو نە ژوور**

**بەریەك کەوتن، کەوتن**

**ڕێگە بەسەریاندا ڕەت بوو**

**دوو بوون، بوون بەیەك.**

***

ئاوازەکان هەموویان وەك یەك نین

ڕێگاکانی مەینەتیی، نەزمیان پێ ئەبەخشێ.

***

توخمێکی

ئەفسووناوییە ڕێگا، بیشێوێنە هەر ئەتشیوێنێ، ڕێگا،مەیگرە بەر ئەتگرێتە بەر، دایکی سەرابە، گوزارشتی لێناکرێ، نیفەری گوتی: دیدگام چەند فراوان بێ، لەم فەزایەدا گوزراشت ئەوەند تەنگ ئەبێتەوە، ڕێگاکان زمان ئەبەستن نیفەری، ئای **نیفەری**.

8

**رێی خاك گەرم بوو، نەرم بوو**

**هەتاوی بەرم بوو**

**رۆژگارێ تاجی سەرم بوو، زێد**

**تارمایی شەویان تاریکتر ئەکرد**

**هەودای ڕۆحیان باریکتر ئەکرد، ئەپسا**

**لەشکری گەنم برسییەکانی ئەهاڕی**

**ئەندێشەم کوژایەوە، بووم بە پەپوو**

**ڕەشبینی بوو بە پیناسەم.**

***

ئەوین لە نێو دڵدا زیندووە

ئاواش زێد

***

ڕێگە

لە گۆڕانێکی سامناکدا بوو، مەلەی لە نێو پێیەکانی ئینسان ئەکرد، ڕێگاکان گومان بوون، هەڵرژابوونە سەر جەستەیان، فریوت ئەدەن ئەی مرۆڤ، گومان دەرگەی لەسەر **شێکسبیر** داخست، هاواری کرد، ببین یا نەبین پرسەکە ئەوەیە، کەس نەیزانی بوو یا نەبوو، ئێستێش بەردەوامە.

9

**دەرگایان هەبوو، لە وەهم**
**بەسەر دۆزەخ ئەبوونەوە**
**شەهیدەکان بە گوناە دەرزیژەن کرابوون**
**زیندوو بوون، لە دڵی خاك**
**زیندووەکان بە خاچ ئاگربەند کرابوون**
**کوژانەوەی چرا بوون**
**تا سەر بڕی ئەکرد ، شمشێر بوو**
**بە دەردی حەقیقەت برا بوون.**

***

بۆیە بە سەدان ئاوازم تۆمار کردووە
چونکە هەمیشە لە پرسەی شەهیدەکانم

***

هیچ

بوونێ ئەوەندەی ڕێگاکان بێ بوون نەبوون، نابوون بوون، زیندانی هەمیشەیی بوون، درەوشانەوەی خۆڵەمێشی بوون، نیتشە لەم ڕێگایەدا ئاسێ بوو، ریگاکانی دواند، ئەی ڕێگاکان، **ویستم درەوشانەوە بۆ چاوتان بهێنم، چاوتان کوێر کردم،** هەموو ئەوانەی درەوشانەوەیان بەخشی بە بوون، لەدرەوشانەوە کەوتن.

10

**ڕێگە داڵانپەڕی زریان بوو**

**لەگەڵ فوئاد لك لك گیامان خوارد**

**دۆلار و کتێبمان سووتاند، گەرم ببینەوە، تا**

**گەرم نەبووینەوە، نا**

**سارد بووینەوە، ئا**

**چی؟ ها، گەمەیەکی سووریالییە**

**ژیان.**

***

ژیان گەمەیەکە هەموومان

تیایا یاری ئەکەین و تێیناگەین

***

ئەو

ڕێگایانە، وەك ئەوە وان، کە لە ناو دەمی ئەفسانەی هات و نەهاتا بەربووبنەوە، پڕ لە سامناکی و خەیاڵی کوشندەن، کێ بوو وایکرد بکەوینە ناو دەمی ئەو حەزیایە؟دوا سەرمایەدار کە هەڵیواسین پەتفرۆشەکەیە و بەس، لە دەمی **مارکسەوە،** ئەم گوڵە رسکا، پەتەکانی ڕێگا چەند درێژن خودایە.

11

**چوار کەس بووین، تیغی ڕێ ئەیبڕین**

**بووین بە هەشت، تێکەڵ بووین**

**سەری من بۆ ئەو، چوو**

**جەستەی ئەو بۆمن، هات**

**بوومە خاوەن سەرێکی شێت، پێم خۆش بوو**

**بووە خاوەن سەرێکی عاشق، پیی ناخۆش بوو**

**گۆڕابووین، نییەتی یەکتر کەوتبووە گیانمان**

**بە یەکتر مەسخ بووین.**

***

هەر خوا ئەزانێ جلی ئاسنگەران چەند

کونی تیایە؟ ئایا بۆ یەکتری ئەشێین.

***

ڕێگاکان

کراسی بەدگۆڕان لە بەر مرۆڤ ئەکەن، چونکە ژیان بەسەر پشتی ڕێگا و بەناویا تێئەپەڕێ، کەرتك ئەبن، ئۆرگانی یەکتر بەکار ئەهێنن، لە دوورەوە، گریگۆر سامسا ویزە ویزی بوو، بوو بوو بە مەگەزێکی قێزەوەن، **کافکا** بوو لەناو دۆڵی وجوودا باریك ئەبۆوە، خۆکوژی چەمك نییە ئاکتە.

12

**له بەر تریفەی مانگە شەودا، هاوارم کرد**
**بۆ کوێم ئەبەن، ڕێگاکان؟ رێ ....گاکان**
**پێم لە پیی ڕێگا ئاڵا و کەوتم**
**هەردووباڵم شکا، فڕین شینی ئەگیرا**
**ڕێگاکان تێنووی شکاندنن، رێی ئازادیی**
**ئەوە لە ناو دارستانێ بوو، هاوارم کوژایەوە.**

***

ئەوانەی لە لەهی ڕێگەی زوڵمەت رزگاریان ئەبێ
هەمیشە خەریکی دروست کردنی کەشتین.

***

لەناو

گۆمی سەرسامی ڕێگاکاندا، ئاوی سەراب ئەتخنکێنێ، لوولت ئەدەن، وەك رایەخ گلۆرت ئەکەنەوە، تا مەرگ بیکا بە دیوەخان، ئەوە بوو گۆران هەرگیزاو هەرگیزی تەبیعەتی توور هەڵدا، بزەی ئازیزی لێسەند و فڕاندی، ئەندێشەی جوانیی گۆرانی گۆڕی، ڕێگاکان، ڕێگەی ئیدئولوژیك ناگونجێ لەگەڵ جوانیی **گۆران**.

13

**لەسەر بەڕی بەردین راکشام**
**لە زەینم گیر بوو، خەیاڵی دەربازیوون**
**زەمەنێکی چەند تووشە، لەپم لە تەم**
**سەرم سپی سپی بوو، لە بۆیەی خەم**
**دڵم تەنگ، جەستەم لاواز و پووت**
**هەڵواسراوەکان، رووت و قووت**
**ڕێی نەجات، چەند زەحمەتە خودا**
**سەر تاقەتی ئەندێشەکردنی نەما.**

***

لەناو هەموو کتێبێکا، ڕستەیێ ئەدرەوشێتەوە
لەناو هەموو ڕێگەیەکا، دڵۆپە خوێنێ.

***

ڕێگە دەنگی

هەیە، ڕەنگی هەیە، دڵی ساردی کەونە، سارد، وەرزی خەمگینیە، تەنیایی گیای لێوارە، کە لە ئاستانەی ئەم وەرزە ساردەدا ، **فروغ** بە سەر فەرشی گیادا، گوناهی کرد، زیڕەی شیعری هەڵڕژاند، ئەوێستاش ڕێگاکان پڕ شووشەی گوناهن، گوناهی سارد، ئەی چی لەم هەموو گوناهانەی ئێستە بکەین؟ **فروغ**؟ئای فروغ.

14

**پڕە لە شەو، ڕێگە، منیش لە ڕووناکیی**
**لە ئەفسانەی مردن، پڕە ، منیش لە ژیان**
**لە ویزەی تەقە، پڕە، منیش لە ڕیتمی وشە**
**دووغەنیمین، من و ڕێگا، لە دوو جێگا**
**یەکێ لە دڵ، ئەویتر لە بەڕیا**
**لەمن پەڕینەوە، لەویش لەمپەر و ئەستەمگا.**

***

زۆر کەڕەتان بە شاخی ڕك هەڵزنیوم
هەناسەیان لە نێو سینەدا بڕیوم.

***

جوانی

ئەسڵی کەونە، هەمووی ئاژینی جوانییە، چۆنیان وەدۆزم؟ لەناو گەڕەلاوژەی ڕێگا، وەرە فێرم کە، کە ژیان پڕ بوو لە بەتاڵی و بەتاڵی ڕۆح، **مەحوی** گوتی مەردم دەوێ ئەقڵی نەلەنگێ، خۆ ئەوە دڵی ئینسانە، دائەخورپێ و ئەقڵە لە گەڵ ڕێگە ئەجەنگێ، ئەی ئەی وانییە **مەحوی**؟

15

**دواوەمان ڕێگەی گورگەکان بوو**
**کانگەی مەرگ بوو، پێشەوەمان**
**کوێر بوو، پێشەوامان**
**یەکەم، ئەگەر دەریا با، ئەوە یۆتۆبیا بوو**
**دووەم دوژمن با، ئیدی ئاهەنگی خوێن بوو**
**زەکەریا هەم کەوتە دەریا، هەم ئاهەنگ**
**زەکەریا زەکەریا**
**ئەی هاوڕێی ئاهەنگ و دەریا**
**لە کوێی؟**

***

مێژووی نەتەوەکەم پڕە لە شەهید
بۆیە کتێبەکان پڕن لە کفن.

***

ریك كەوتینە ناو

بۆسەی ڕێگا، لە لوتکە دوورەکانەوە، قەناسی ناشیرینیی، کەللە شەقێن، ئەیجریواند، لە پشتمانەوە، مەترەلۆزەکانی لەشکریی ڕق و قین، لە پێشمانەوەش زریانی تووش، قۆشەنی مەرگاوێزی سروشت، نەگەڕایتەوە **زەکەریا**، نیشتیمان خامۆشە، بێ تۆ.

16

**زۆرن، ڕێگاکان، دڵیان نییە**

**بۆرن ڕێگاکان، چاویان تەنیوە**

**سەریان نییە، ناویان چییە؟**

**دەگمەنە پەڕینەوە، بەریان نییە**

**دەریان، ئومێد کوژن، ئاویان نییە**

**ئەگەیشتینەوە فەرهاد، باڵمان هەبا**

**بێستوون چییە؟ کوڵینگ شکانی نەبا.**

***

بگەی بە لووتکە دونیا ئەبینی

تا لە بناریش بیت خەون ئەبینی.

***

لەناو

دڵی ڕیگاکان، بزە نییە، بزە هەبوو، نەبوو، ئەویش **میکلانجلۆ** بەسەر لێوی مۆنالیزیادا زەوتی کرد، مرۆڤەکان تەنها بەسەر ڕێگادا بەرەو مەرگ ، سەرکەوتوون، سەرکەوتوو ئەگەر بزەی ژێرکەوتوو ببینێ، لەززەت لە سەرکەوتنی خۆی نابینێ، وا نییە **شێکسبیر**؟

17

**سنووقی خەیاڵم داخست، بەڕێوەم**
**سەر مۆر بوون، ڕێگاکان**
**ئەمزانی نەمردووم، بە پێوەم**
**کەڕ بوون، ڕێگاکان، لە گوورە نەچوون**
**مشت بوون لە دڕك، لە خوار و خێچی**
**لە خوێن، لە بڕکی رق، لە تووناو توون**
**لە پێچاو پێچیی. دۆزەخی ئەنفال بوو.**

***

مەینەتبارەکان کاتێ چیرۆکی خۆیان ئەگێڕنەوە
تژی ڕووداوی کۆستی ئازیزانە.

***

ڕێگاکانیش

لە توخمی مرۆن، نە بێت، نەپێت، هەڵئەکەن، لارو کەچن، ڕێگەی راستم هەمووی چەپانە، تەنها ڕێگاکانی دڵم نەبێت، ڕاستانە، بەڵام مەکۆی خەمانە، وەسوەسەی بەخشی بە مەسیحی **کازانتزاکی**، بەڵام ئەو ڕێگەی دڵی گرت بە بێ باکی، بە پێکەنین بەرەو ئۆرشەلیم. هێشتاش نەگەیشتی **نیکۆس**، ناگەی نا.

18

**سەختەندازەکانم گرتە بەر**
**چەفیەی ئەبەدم کردە سەر**
**لە دوای خۆم جێهێشت، گیان**
**تەواو نەبوو، هەرگیز**
**نە ڤیان، نە کیان، نە چییان**
**بە مەرگ نەبێ، لێم ناگەڕێ، ژیان**
**چەند دژوارە لەم ڕێیە، مانەوە و مان**
**زەنەك بوو، چڵپاوی مێژوو بوو یا سیان ؟**
**غەرق بووین.**

***

جریوەی مەل بڕایەوە
کە دڵی درەخت کوژایەوە.

***

گرفتەکە ڕێگا نییە، لە ناو سەر، چییە بۆی ئەچین، بۆ کوێ کەمزانینمانە ئەگینا شێت ئەبین، ئەی بۆچی هەورە برووسکە تەنها لوتکەکان دەکوتێتەوە **نیتشەی** ئازیز، پانتایی سەلامەتییەو ڕێگەی شووم ئەبەخشێ. ئەنەخشێ، ئەکشێ، مەرگ،شششششششششش.

19

**کۆتایی ڕیتمە سەختەکان**

**ڕەشباوی ڕەشی بەختەکان**

**سەرەتای مەینەتی بوو**

**کەمکەکەی شادیمان، نەختەکان**

**چەند درێژ بوو، خودایە، ڕێگایە تەختەکان**

**پشکۆژەن کرابوون**

**بە خوێن و تیلم تیلمی جەستەکان**

**ویزەی تەقە بوو، شەبەیخوونی دوژمن**

**تەکانی پێئەدایِن، سڕ بوو بووین**

**سەر، ئەکەوت، جەستە تەنیا**

**جەستە ئەکەوت، سەر تەنیا.**

***

تێنووەکان هەمیشە کتێبی ئاو ئەنووسنەوە

ئازاردیدەکانیش، کتێبی تراژیدیا.

***

پێشەوەی

ڕێگا، تەرمی ئەسپەکان، وەك ئەبەنووس ڕەشداگەڕابوون، مرۆ چەندە پیرۆزە، ئەوەندەش بۆنی تەرمەکانیان، لە مەرگ ناخۆشتر بوو، زمستان، لوولی دابووین، نەهامەتی بوو، سەگێك بێچووەکانی ئەگواستەوە، ئێمەیش نەمانئەتوانی بارگەی ڕۆحمان بگوازینەوە، کەوتین، تازە هەڵناسینەوە، مرۆ بشکێ هەڵناسێتەوە هەمنگوای، ئای **هەمنگوای**.

19

**ڕێگاکانی ڕەشتاو کردبوو، جەفتی مەرگ**
**ئەدرەوشانەوە، بەردەکان**
**بڕست ئەپسا لە باریکی**
**لە سەر پشتی چلمێرا، چیای ئەفسانە**
**خودای ئیزەدییەکان بوو، ئەو بەردانە**
**بە درەوشانەوەی ئەو بەردانەوە ئەژیان**
**تا بگەنە بەهەشت، نەشیان ئەویست بمرن**
**مەحاڵە ئاخر، کریڤ، مەحاڵ**
**بگەی بە بەهەشت و نەشمری.**

***

تەنها مەسحەفی ڕەش ژیانی لەت لەت کردن
چەفیەی سپیی کفنی لەسەر کردن.

***

مەرگ

و میر بوو ڕێگاکان ، هەندێ جاریش ڕوەو بەهەشتی خەیاڵ بوون، ناگەی بە شادی، بە سەر پشتی ڕێگای مەرگەوە نەبێت، پارسەنگێکی نادادپەروەرانەیە، سەبر و بێدەنگی پێدەوێ، کە نیشانەی مرۆی خەمبارن، گومان کردنە لە خود، ئەی **ڕۆحی بێ لێوارو بێ پەی**، گومانت کرد لە خۆت؟

20

**بۆ کوێ؟ هاواری کرد، ڕێگە:**
**شیر و کەرەم هێناوە، بۆ کێ؟**
**خوا، بۆ؟ کوا ، کەی، چۆن؟**
**وەك دۆ ودۆشاو تێکەڵ بوون، ڕێگاکان**
**ژەهر لە تەختی تەوێڵیان هەڵئەڕژا، تك تك**
**ئێرەیە ماڵی خوا، گوتی؟**
**چەند ناخۆش بوو، دۆزەخ بوو، ماڵی خوا .**

***

هیچ ماڵێ لە ماڵی نیشتیمان خۆشتر نییە
بەهەشت نیشتیمانە و هیچی تر.

***

نوقمی

زوڵم و زوڵمەتن ڕێگاکان، هێشوو هێشوو لوولاقت ئەڕنن، دەنك دەنك ئەتکرۆژن، زوڵمەتی بێ زەواڵی زاڵم، فڕ فڕ ئەتخواتەوە، کە زوڵم بوو بە یاسا، جگە لە هەڵگەڕانەوە و سەرکێشی چیتر هەیە، **لوکسیمبێرگ**؟

21

**دانتیم بینی، لە ڕێگە، پەلەی بوو**
**بگاتەوە نیشتیمان ، تێکشکاو**
**وەك فەخفورییێکی چینی**
**لە نێو خۆڵەمێشی دارستان**
**لە نێو هەزار پارچەی پژان**
**ئاو بوو، ئەگەڕایەوە سەرچاوە**
**ڕەش هەڵگەڕا، ڕێگا**
**وەك قەتمەری دڵی ئینسان.**

***

پیاوە ئازاکان دوو گۆڕیان هەیە
گۆڕێکی ئاسۆیی لە گۆڕستان
گۆڕێکی ستوونی لە نێو کتێب.

***

سەختەندازەکانی

ژیان بەهێزترن لە هێزی راکێشانی نیشتیمان، زێد، بۆن و بەرامەی زێد، شیرینترین نەخۆشیی ئەبەدین لە دڵی ئینسان، تەنها چارەسەر گەڕانەوەیە بۆ ناو فێنکی خاك و خۆڵەکەی، هێمن بیری هێنامەوە، بەرد لە بەردی بێتەوە دەنگی هەیە.

22

**پڕ تەفرە و تۆقین بوو، ڕێگا**

**تەرمی ئەو، ئەویدی ، ئەوانیدی**

**کەوتە بەر پێی بیناییم، تەزاندمی**

**هەرماس دەستی گرتم، هەژاندمی**

**تەمەز ئەو ڕێگایە ئەیبردمەوە ماڵی خوا**

**ڕێگەی ماڵی خوا زوڵمەتە ، یا گیا**

***

هەڵەکۆك چاوەڕوانە ئاسمانی شین ببینێ

بەڵام هەمیشە بەفر دایئەپۆشێ.

***

ڕێگاکان

ئاگربەند کرابوون، سەرێکیان لە ژێر پێم و ئەوەکەی تریشی لە دۆزەخ، کە ڕێگەیەکت نەویست جێی بهێڵە، ئاوای نووسی دڵ، ئێستاش ناڵە و فیغانیان لە چیاکان دەنگ ئەداتەوە، ڕێگاکان ڕێگاکان چەند ئازاربەخش بوون، لە دەست ئینسان.

23

**به زرمەی شمشێری غوربەت**

**لە ناوەندی پاییزی ڕێگاکاندا**

**زەمزەمەی سیسبووغان ئەنووسییەوە**

**زنجیری پێی ڕێبواران، کتێبی ڕیتم بوو**

**تێکەڵ بە هەڵوەرینی ڕۆح ئەبوو**

**قیامەتی زوڵمەت بوو**

**لەبەرچاوی خوا، ئەی خوا.**

***

هەتا درزێك بمێنێ

جوانییەکانی ژیانیان تیادا ئەدرەوشێنەوە.

***

مەرگ

لە کەلێنی ڕۆحمانا ئاسێ بوو بوو، چەند خۆش بوو، رزگاری کردباین، بانگمان ئەکرد، وەڵام نەبوو، ڕامان ئەکرد ڕێگە نەبوو، دائەنیشتین جێگە نەبوو، تێنوومان بوو ئاو نەبوو، برسیمان بوو نان نەبوو، هەبوو نەبوو چیرۆکێکی کۆنە، خوێناو بوو، ڕۆندکمان.

24

**ڕێگاکان، شووم و داخراو**
**وەك کارمامزێ، راونراو**
**تاوم ئەدا، بایی هەزاران ساڵ ڕامکرد**
**ڕێگاکانیش بنبەست بوون**
**جەستەم ترسی سمی**
**ئەو بنبەستە ژیان بوو، زانیم**
**ئەی ژیان تۆ چەند کمی.**

***

ئەوین هەدادانی نییە
سووتان لە خۆڵەمێش ناگات.

***

ڕێگاکان

رازو تەڵسەمن، هەوەس ئەبەشنەوە بۆ دوور، ڕۆحی ئینسان شەڵاڵی گۆشەگیریی بووە، ماندوو بوونم کردە شیعر، بەردێکی زۆریان تێگرتم، ئەوە بوو **گاندی** برام بەو بەردانە تەلاری شانازیم هەڵچنی.

25

**فڕێیدامە ناو چەقی ڕێگا**

**زمانی خوازە، جیناسی ئێش**

**ڕێگە وەك ئاگر، ڕێگە**

**پلە پلە سوور بوومەوە**

**ئێسقانەکانی خۆم کۆکردەوە**

**سفرەم بۆ خوا رازاندەوە**

**ئەوەت ئەوێ؟**

**وتی ئا دەی ئا ، بە گازاندەوە.**

***

ئەی کتێبی نێو سەرم کەی تۆ

لێوڕێژ ئەبیت تا بچینە ناو ئەبەد؟

***

کودێتاکانی ناو

ڕێگا، خۆیان بۆ کەس بەرمەلا ناکەن، پڕن لە بۆسەی مەرگاوێز، ترس قووتت ئەدا، لەشکری وەهم دەورت ئەدا، وا ئەزانی تەتەرەکان دێن، **دینۆ بۆزاتی**؟نەهاتن، وەهمی گەیشتنیان، سات بە سات، ئەیقریشکان، بیابان شەق ئەبوو، بۆزاتی تەتەرەکان نەهاتن.

**26**

**بەشی  شکانی نەما بوو، گۆزەی دڵ**
**چەما بوو ، ڕما بوو**
**بێ مەیل و تەما بوو، ڕێی ڕاستی**
**ترس تاڵترین میوەی ڕێگا بوو**
**سینەمان، هەتا گیرفانەکانیشمان**
**پڕ ژاڵەی ترسبوون، لەم ڕێگە مەینەتییە**
**مەرگ شیرینترین سەما بوو.**

***

من بۆیە مێژووی ئاو ئەنووسمەوە
چونکە تێنوێتی زمانی شکاندووم.

***

تاك تاك و  جووت

جووت، مرۆڤەکان، لە جووڵەی خەمگینی بەر لە مەرگدابوون، ماشێنی شەڕ، شەو و رۆژ لە کاردابوو، ئەوە نامرۆڤایەتییە **نیتشە**، هەمان ئەوانە پیرۆز بکەین کە نەفرەتمان لێئەکەن.

27

**چکی کرد، مانگی شکاو**

**لوورەی گورگ، موزیکی ئەبەد بوو**

**گوڵ بەسەر گلکۆکانەوە سوور ئەچوونەوە**

**شەهیدی بێ ناو زۆرتربوو لە نەرگز**

**سەرەتای بەهار بوو، ڕێگا پڕ تەرم.**

***

لاڵی سەراپای زەمەنی گرتووم

بۆیە کتێبی سپیی زمانم پڕە لە هاوار.

***

ئێستێش هەموو بەهارێ، ئەتوانین لە ڕێگەی گوڵی سەرگۆڕی ئەو شەهیدانەوە، ژمارەی بێ شوماری گوللەی دوژمن بزانین، کەمن ئەوانەی بە بێدەنگی ئازار ئەچێژن، ئەوانە شیری ڕەشی ژیانیان خواردەوە پاول ی خەمگین ، ئەی **پاول سیلان.**

28

**کافوور بوون، ڕێگاکان، لە بەفر سپیی ئەچوونەوە**
**ڕەش بوون، تەرم، لە ئاگر ڕەش ئەچوونەوە**
**کە گەیشمە سنوور، ئاوڕم دایە**
**ئاوڕ نە بوو ئاور بوو، بەفر وەك دایك**
**هەموویانی لە باوەش گرتبوو**
**تاجە گوڵینە لەسەر گۆڕی کێ دانێین؟**

***

ئەوانەی بایان خوێندەوە
بوون بە ئەشقیا و هەڵفڕین
ئەوانەیش ئاگریان خوێندەوە
بوون بە خۆڵەمێش.

***

هەڵفرین،

هیچ چەمکێکی نییە، ئەوەی کە چەمك ئەبەخشی بە فڕین باڵەکانمانە، ئێمە باڵمان شکابوو، ئەگەر نەتوانین بگرین، ئەبێ گۆرانی بڵێین، خۆ ئەگەر توانای گۆرانیشمان نەبێ، ئەوە مەرگ بەسەرمانا ئەخوێنێ، ئیمە لە ژێر ئەو بەرداشەدا بووین، بەرداشی هەموو ژمارەکانی **ئەنفال**.

29

**سینە وەك هەنار شەق ئەبوو**

**بازمدا، بەسەر تەرمی خۆما**

**ناڵەی ئینسانم بیست**

**لەسەر بژی ئەسپەکەم هەڵکورما**

**قەلەڕەشێ، چاوەڕوانی مەرگم بوو**

**ئەشك لە پەنجەکانیشما نەئەوەستا**

**لەناو ئەم سەر زەمینەدا سووتاوەدا**

**بێ بەهاترین هەبوو بووین، ئێمە.**

***

ئەوینی خاك ژەهر شیرین ئەکات

ئەشك بەسەر خاكی غەریبیەوە

ڕێی چاو ون ئەکا.

***

هیوا

لەنێو ترژیدیادا کۆمیدیایە، داڵەکان پارچە پارچەت ئەکەن، برسین بە دەورتەوە ئەسووڕێنەوە، ئەی مرۆڤی تەنها، ئەی **زەردەشت،** چارەنووس عەزابی ئەبەدییە، لەو ڕێگایانەدا، دڵت جۆشی ئەدا.

30

**هەوێردەی سەرم هەڵفڕی**

**بەتاڵبوومەوە لە غەریزەی مانەوە**

**ڕێگاکان وەك کاغەز لوولیان دام**

**نووسینەوەی تۆ، ئەی ژیان**

**لەبەر کردنی کراس نییە**

**لەبەرکردنی زرێی ئاگرە، ئەندێشە ناکرێ.**

***

تەنها کتێب و قەڵەم بوو

ژیانی پێ واڵا کردین و لێی سەندینەوە

***

ڕۆشتن بە ناو شووشەی داغ

و پۆلییە، مەرگی حەتمی ئینسانە، ئێمە لەوەتەی هەین، بە نێویا ڕەت ئەبین، بە ناومانا ڕەت ئەبن، مەرگ نایەت، ئیمە لە قووڕین یا لە پۆڵا ، براکەم **کازانتزاکی**، چارە نووس مەرگ بوو یا ئازادیی؟

31

**چیمەن و مێرگ و بێستانیان دابەش ئەکرد**
**ئێمەیش پارچەکانی جەستەی خۆمان کۆ ئەکردەوە**
**ڕێگاکانمان بە تەرمی خۆمان ئەنەخشاندەوە**
**لە میانی بەرداشی زوڵم و برسییەتی زیندوێتی**
**خۆمان بە مەرگ ئەفرۆشتەوە .**

***

گوڵە گەنم لە کتێبخانەی کێڵگەی خۆیا
جگە لە کتێبی باران هیچی تری نییە.

***

نامووسی

کەونە لە ژێر دەستی بێدادیی، ئاخۆ بێدەنگیی، بۆ دەبێ بەم ڕادەیە بە ئازار بێت، دڵم چیرۆکی ئێش و ئازارێکی زۆری تیایە، خۆ بە دوور گرتن لێیەوە باشترە لەوەی، بەبێ بیرکردنەوە لێی نزیك ببیتەوە، دوورکەوتنەوە مێژووت ئەسڕێتەوە، نزیك کەوتنەوە ئەتسووتێنێ، ئازار. **دونکیشۆت** زوڵم بەکۆتایی نایەت.

32

**من زەنگیانەی زەمەن بووم**
**ڕژامە سەر زەمینی زوڵمەت**
**سوێرە، ئاوی ڕۆژگار، پڕ برینە، جەستە**
**پڕ گرینە، سینە، مەحاڵ ڕێگەی قەدەرە**
**چۆن بپەڕمەوە، کە ژیان**
**نەزمی کلیلدانی دەرگاکانی یەك یەك لەبەرە**
**تاریکە بێ چرا، من هەزاران جار مردم**
**ئەو کوژرا، سوورکێو، کێوەکانی سوورکرد.**

***

کێ ئەوەندەی کوێرەکان
کتێبی بینایی ئەخوێنێتەوە.

***

ئەم

ئێوارەیە مانگ بە سستی خەون ئەبینێ **بۆدلێر**، ئێمەیش لە نێو مەرگێکی لەسەرخۆ خەونی ژیانەوە ئەبینین، ئەمانەویست خنکاوەکانی ناو لافاوی ژین ڕزگار بکەین، وەلێ خۆمان خنکاین، مانگیشمان بێزار کرد بەو هەموو وەسفەی پێوەمان لکاند، کێ دێ وەسفی ئێمە بکات؟

33

**هاوەدممان ، ئەبەدییەتی ناشادیی**

**قەدەرمان، وەستان و ڕاکردن**

**بۆ بخووری پیرۆزی ئازادیی**

**جێگەی برین**

**ئەمانباتەوە سەر ڕێگەی گرین**

**گوڵمان دێینەوە، ئەم تەرمە هەڵئەگرین**

**خۆمان بووینە تەرم**

**گری گری، لە خۆمان گری.**

***

بە تەمای زۆر شت بووین

زۆر شت بە تەمامان بوو.

***

ئەوانەی

ڕێگەی ئازادیمان بۆ تەخت ئەکەن، ئەوانەن کە ڕێگاکان لە ژێر سەختەندازەکان تەختی کردن، هەر ڕێگایێ بەسەرپشتی هەزارانەوە تەخت بووە، منیش ئەی دڵ، خۆ ئەبێت بڕۆم و جێتان بهێڵم، هەتا ئەگەر هیچ شوێنێکیش لە ئارادا نەبێت.

**34**

**تژی زیوانی ئاڵۆزیی بوو، کێڵگەی ژیان**
**لە بێژنگی ئەداین، ڕێگەی ترس**
**بووین بە کەپەکی ناو دڵی ڤیان**
**کەشەنگ بووین، ئەژنۆ شکا**
**تك تك بڕستی مانەوە تکا**
**ئێستێ، هەموو شتێ ماندوومان ئەکا**
**هەتا ترپەی دڵیش، نیشتیمان**

***

لەناو هەموو کتێبێکا، ڕستەیێ ئەدرەوشێتەوە
لەناو هەموو نەخشەیێ، نیشتمانێ هەیە خامۆش.

***

لەم
ڕێگا چەوتانەی بوون، هەتا سەرکەوتنیش شەرم لە خۆی ئەکاتەوە، کاتێ ناڵەی ژێرکەوتووەکان ئەبیستێ، تۆ مەترسە ئەی بەور، سەردەمی شاخدارەکانە، لە پێناوتا لە هەموو دەریایەکم ئەدا، تا خۆم غەرق بووم.

35

**دوا ڕێگە و دوا مەنزڵ نیت، ئەی خاك**
**بەڵام گەورەترینیانی**
**باوانیش، پێناو بوون، ئێمەیش**
**تۆ سارێژو برینیانی**
**شكا باڵیان، تۆ شاباڵ و فڕینیانی**
**هەزاران بوون، لەم ڕێگە**
**ئەی خاك، تۆ هەموویانی**

***

هێشتا كڵپەیێ ئەمێنێ
ئاگری دڵمان خۆشكاتەوە، ئەی خاك

***

چەند

تاسام، تەنها بە تۆ، كە وەك شووشە عەترێ، هەڵڕژایتە سەر برینەكانم، ئەی خاك، من ئازارم ئەكێشاو ئەوانی تریش شەڵاڵی بۆن و بەرامەی تۆ بوون، ئەوە دڵە هەرگیز داناخورپێ **فانكوخ**، ئەگەر پڕی نەكەین لە خۆشەویستی.

36

**من باسی هەموو ڕێگاکانم کرد**
**تۆش باسی ڕێگاکانی خۆت بکە**
**ئەزانم ئەی خوێنەری خەمگین**
**تۆش ڕێگەی زۆرت بڕیوە**
**مەرگی ئازیزانت دیوە**
**تۆش باسی ڕێگاکانی خۆت بکە.**

***

ئیستاش شەونمی سەر لکە گیاکان
بەسەر تراژیدیاکان ئەبریقێتەوە

***

فرمێسکی ڕێگاکان،
ڕستەی ناو دڵە، کە زمان پێی ناکرێ گوێ بکات، دڵیش بەرگەی ناگرێت، پرۆسەیەکی خەمگینە، سەیرە مرۆڤ لە تاویا نامرێت، دیوان کاغەز تێکەڵ بوون، ئاڵۆزی و شەبەیخون تێکەڵ بوون.